**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە : ٣٠٠٦ لە ٢٠٢٤/٢/١٨**

پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەکانی (١٠٥) لە یا سای تەندرو ستی گشتی ژمارە (٨٩)ی ساڵی ١٩٨١ و ماددە ( ٧ ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١٥) ساڵی ٢٠٠٧ ئەم ڕێنماییانەی خوارەوەمان دەرکرد.

## ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤
## نەشتەرگەری درێژ کردنەوەی ئێسک و درێژ کردنەوەی باڵا لە هەرێمی کوردستان – عێراق

**ماددەی (١):**

مەبەست لەم زاراوە ە دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم ڕێنمایە:

**یەکەم** : **هەرێم:** هەرێمی کوردستان – عێراق.

**دووەم** : **وەزارەت:** وەزارەتی تەندروستی لە هەرێم کوردستان - عێراق.

**سێیەم** : **وەزیر:** وەزیری تەندروستی لە هەرێم.

**چوارەم** : **درێژ کردنی ئێسک** :بریتیە لە زیاد کردنی ئێسکی نەخۆش لە باڵ یاخود لە ڕان و لاق بە کرداری نەشتەرگەری ئەمەش بە بڕینی ئێسک و دانانی ئامێری چەسپاندن ( ناوەکی یاخود دەرەکی ) کە دەبێتە هۆی لێک دورخستنەوەی هەردوو پارچە ئێسکەکە لەیەکتر وە دروستکردنی بۆشایی لە نێوانیاندا و پر بونەوەی بۆشایەکە بە ئێسکی تازە .

**ماددەی (٢):**

نابێت ئەم جۆرە نەشتەرگەریە بۆ مەبەستی جوان کاری بکرێت لەکاتی ئیستادا .

**ماددەی (٣):**

**نەشتەرگەری درێژکردنەوەی ئیسک بەم شێوەی خوارەوە دەبێت :**

أ- ئەو پزیشکەی ئەو کارە دەکات پێویستە پزیشکی نەشتەرگەری بێت لە بواری ئیسک و شکان و هەڵگری بڕوانامەی( ماستەر یان دبلۆمی باڵا یان دکتۆرا ) بێت و( ٣) مانگ ڕاهێنانی ئەنجام دابێت لە یەکێک لە سەنتەرەکانی تایبەت بەم بوارە لە ناوەوە یان لە دەرەوەی وڵات.

ب- پێویستە پزیشک (CV) خۆی پێشکەش بە وەزارەت بکات وە ڕەزامەندی وەزارەت وەربگرێت

ج- پێویستە هەر نەخۆشخانەیەک کە ئەم جۆرە نە شتەرگەریە ئەنجام دەدات ڕەزامەندنی کردنەوەی (بەشی نەشتەرگەری درێژکردنەوەی ئیسک و درێژکردنەوەی باڵا ) وەربگرێت لە وەزارەت / بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان وە ئەم نەخۆشخانەو سەنتەرانە هۆڵی تایبەت بە نەشتەرگەری ئیسک و شکاوی هەبێت و هەموو ئامێرەکانی تایبەت بەم نەشتەرگەریە وICU و بەشی چارەسەری سروشتی هەبێت .

**ماددەی (٤):**

**ئەم جۆرە نەشتەرگەریانە تەنها ئەم نەخۆشانەی خوارەوە دەگرێتەوە :**

أ- ئەو نەخۆشانەی کە تەمەنیان لە (٣٥ ) ساڵ کەمتر نەبێت .

ب- ئەم نەخۆشانەی کە کێشەی درێژکردنەوەی ئیسکیان هەبێت.

ج- ئەو نەخۆشانەی کە کورتە باڵان بەهۆی نەخۆشی ئیسک (SKELETAL DYSPLASIA) .

**ماددەی (٥):**

لەهەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی لیژنەیەکی زانستی دەبێت بۆ پێدانی ڕەزامەندی ئەنجامدانی ئەم جۆرە نەشتەرگەریە ئەویش پاش هەڵسەنگاندنی نەخۆشەکە .

**ماددەی (٦):**

هەر نەخۆشخانە و سەنتەریک تایبەت پابەندی ئەو رێنماییانەی سەرەوە نەبێت ئەوا پێبژاردن دەکرێت بەبڕی (١٠،٠٠٠،٠٠٠ ) دە ملیۆن دینار ولە کاتی دووبارە کردنەوەی ئەم سەرپێچیە ئەم بە شە دادەخرێت بۆ ماوەی ( ٣) مانگ پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

**ماددەی (٧):**

ئەم ڕینماییە ڕێگرنیە لە گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی بەپێی یاسا و ڕینماییەکارپێکراوەکان لە هەرێمی کوردستان.

**ماددەی (٨):**

کار بە هیچ دەقێک ناکرێت کە هاودژ بێت لەگەڵ ئەحکامەکانی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی (٩):**

ئەم رێنماییە دوای(٣٠) سی رۆژ لە بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کورد ستان) کاری پێ دەکرێت .

**د.سامان حسێن بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**